هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٠

١٩٩٣ - بەرگی دەیەم

چاپی یەکەم ١٩٩٨

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/١٥ ـــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/١٦ ـــــــ ل٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/١٧ ـــــــ ل٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/٢٣ ـــــــ ل٥٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١١/٣٠ ـــــــ ل٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١ ـــــــ ل٩٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٥ ـــــــ ل١٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٧ ـــــــ ل١٥٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٢ ـــــــ ل١٨١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٣) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٣ ـــــــ ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٤) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٤ ـــــــ ل٢٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٥) چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/١٥ ـــــــ ل٢٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٦) دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٢٠ ـــــــ ل٢٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٢١ ـــــــ ل٢٩٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢٦)

## دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٢٠

**کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١٢/٢٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بەئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (٢٦)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (١٩٩٣)ی خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕاددەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.**

**بەرنامەی کار:**

**١- گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.**

**٢- تازە بابەت.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەباندانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەین. بەرنامەی ئەمڕۆمان پرۆژەی یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراقە، ئەویش پەیوەندی بە یاسای ژمارە «٢» هەیە، ئەم هەموارکردنە چەند پرۆژەیەکی خستۆتە سەر ئەم مادەیە بۆ ممارسەکردنی ئەو دەسەلاتانەی کە لەو یاسایەدا هاتووە بۆ ئەو دەستەیە، ئەو پرۆژەیە لەلایەن (١٠) ئەندامی پەرلەمانەوە بەرز کراوەتەوە بۆمان، ئێستاش سکرتێری پەرلەمان بۆمانی ئەخوێنێتەوە، پاشان گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە دەست پێ دەکات فەرموو کاک فەرسەت...

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

## یاسای دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢دەستەیەک دادەمەزرێ، پێی دەگوترێ (دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق)و، ئەم دەستەلات و ئەرکانەی کە لەیاسای ناوبراوی سەرەوەدا هاتوون جێبەجێ دەکات تاکو قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنی رابەری بزووتنەوەی رزگاری خوازیی کوردی تەواو دەبێت.

**ماددەی دووەم:**

دەستەی ناوبراو لەماددەی یەکەمی ئەم یاسایە، لەو دوو پاڵێوراوانە پێک دێت کە زۆرترین دەنگی دەنگدەرانیـــان لەو هەڵبــژاردنەی کــە بەپێی یاســای ژمــارە«٢»ی ســاڵی ١٩٩٢ لەرۆژی ١٩٩٢/٥/١٩دا کراوە، لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتتمانیی کوردستانی عێراق و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق و دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسیی هەریەک لەو دوو حزبەی کە دوو پاڵێوراوەکە تێی دان.

**ماددەی سێیەم:**

بڕیارەکـانی دەسـتـە بەتێکڕای دەنگ وەردەگـیـرێن و بەئیـمـزای ئەو دوو پاڵـێـوراوە دەردەچن، کە لەمـاددەی دووەمی ئەم یاسـایەدا هاتوون و، لەکـاتێک دا کـە یەکـێک لەو دوو پاڵـێـوراوانە لە دەرەوەی هەرێم بوون، ئیمزای ئەو ئەندامانەی ئامادە دەبن بەسەو، ئامادە نەبوونی کارناکاتە سەر نیصابی کۆبوونەوەی دەستەکە.

**ماددەی چوارەم:**

لەکاتێک دا کە هەردوو پاڵێوراو بەیەکەوە لە دەرەوەی هەرێم بوون، بڕیارەکان بەرێککەوتنی ئەو ئەندامانەی کە دەمێننەوە وەردەگیرێن و بەئیمزای سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەردەچن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیاری ئەمانە دەدا:

١- ناونانی ئەو پاڵێـوراوانەی کە لەمـاددە «٢»ی ئەم یاسـایە ئەنجـام دەدا ئەمەش لەبەر رۆشنانی ئەنجامی هاڵبژاردنی رۆژی ١٩٩٢/٥/١٩ دەبێ.

٢- ناوی ئەو ئەندامانەی هەردوو مەکتەبی سیاسیی بۆ ئەندامێتی دەستەکە، دەستنیشان دەکات کە لەلایەن هەردوو حزبەوە پاڵێوراون.

٣- روو لەئەندامانی دەستە دەنێت تاکو بەپێی ئەم یاسایەو یاسای ژمارە «٢»ی ساڵی ١٩٩٢ بۆ ئەوەی هەریەکەیان ئەو کارو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە پێیان سپێردراوە.

**ماددەی شەشەم:**

ئەندامـانی دەسـتـە بەر لەدەست بەکـار بوونیـان و بەکـارهێنانی ئەو دەسـتـەڵاتانەی کـە پـێـیـان سپێردراوە، سوێندیی یاسایی بەپێی مـاددە «٩»ی یاسای ژمارە «٢»ی سـاڵی ١٩٩٢ لەبەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق دەخۆن.

**ماددەی حەوتەم:**

هەمـوو بڕیار و کـارێک کـە بەپێی دەسـتـەڵاتەکـانی کـە لەیاسـای ژمـارەی «٢»ی سـاڵی ١٩٩٢دا هاتبێ تاکو دەرچوونی ئەم یاسایە شەرعین وجێبەجێ دەکرێن.

**ساددەی هەشتەم:**

هەر دەقێکی دیکە لەگەڵ ئەم یاسایە نەگونجێ کاری پێ ناکرێ

**ماددەی نوویەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاو بوونەوەی لەرۆژنامەی رەسمی دا کاری پێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیە، ئەنجامی وتوێژێکی دوورو درێژەو چەند دانیشتنێک لە سەر ئەم بابەتە کرا. جا پرۆژەکە خوێندرایەوە، ئەگەر تێبینی لەسەر هەیە؟ با ناوتان بنووسین. هیوادارین ئاگاتان لەکاتیش بێ... ئەو برادەرانەی کە ئەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تەنها (١٠) کەسن، فەرموون.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ببورە، رەنگە قسەکەی منت گوێ لێ بووبێ، حەز ناکەم من لە هیچ جێگایەک مافی کەس بخۆم وەتا لە عیادەی دکتۆرەکانیش بم وەکو نەخۆشێک، جا حەزم نەکردووە حەقی کەس بخۆم. بم بوورن ئەگەر ماوەم بدەن بەناوی لیژنەی یاسا قسە بکەم. ئەوەی بەرچاوە، میللەتی کورد هەمووی نەک حزبەکان، هەموو کەسێک لەگەڵ یەک بوونە وهەموو کەسیش ئەو دروشمەی هەیە ئیشکردنیش سەلماندوویەتی ئێمە لەگەڵ یەک بووین وپیرۆزبایی هەردوولا دەکەین لەسەر ئەو رێک کەوتنە استراتیجیەی کە کراوە. ئومێدەوارین کە زۆر باش بێت، بەلام چەند تێبینیەکمان هەیە، یەک، ئەو دوو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کە لە هەردوولاوە پالێوراوون ودەنێردرێن. بەحەقیقەت من وادەزانم لەگەڵ هەیبەتی پەرلەمان، ناگونجێت، چونکە ئەوە لەدەرەوەی دامەزراوە رەسمییەکانە لەهەڵبژاردنێکی «ئەشریعی»ی میللەتەکەمانەوە هاتووە، ئەوە خاڵێک، خاڵی دووەم ئێمە زۆربەی حزبەکان جەخت لە سەر فرەحزبی دەکەین، من تەماشا دەکەم لێرە فرەحزبی هەرنییە، حەز دەکەم ئەوە بەرچاو بخەم، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا ماوەمان تەواو پێ نەدرا، ماوەکە زۆر کەم بوو تا دەرسی ئەم بابەتە بکەین، سوپاس.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من هەندێ تێبینیم هەنە لە سەر پرۆژەی ئەو یاسایە: جارێ لە پێشا زۆر ریزم هەیە بۆ کاک مەسعود ومام جەلال، هەروەها بۆ مەکتەبە سیاسیەکان. مەسەلەکە بەنیسبەت منەوە دوو لایەنی تیایە، لایەنی یاسایی وهەروەها لایەنی سیاسی، من ئەوە بەدەرچوون دەبینم لە یاسا، لە دەستوریش لەیاسای ژمارە یەک ودوو ئەو دەقانە نەهاتوون، ئەوە دەستەیەکی تازەیە بەنیسبەت ئێمەوە، بەرای من پاشەکشەیەکە بۆ دیموکراتیەت لە کوردستاندا. لەگەڵ هەندێ جیاوازیدا، من لەگەڵ ئەو یاسایەنە نیم، سوپاس.

**بەڕێز حەسەن عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران قسەیان بۆ من نەهێشتەوە، تەنیا دانانی ئەو هەشت کەسە بە هەردوو سەرۆکەوە کە هەڵبژاردرابوون لەهەڵبژاردندا بۆ سەرۆکایەتی ئێمە قەیدی نییە، ئەوە هەموو پاساوی یاسایی هەیە، بەڵام تێکەڵ کردنی دەسەڵاتی یاسادانان وراپەراندن بەیەکەوە، لەمەیان نازانم ئیتر پێچەوانەی لەگەڵ یاسادا زۆرە وهاتنی دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەر هەمان شت پێچەوانەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز حازم ئەحمەد مەحمود یوسفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەراستی ئەمویست قسە بکەم، بەڵام ئێستا وەکو تەعلیقێک ئەڵێم من وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسا لەگەڵ رەئی (کاک عەدنان)م پرۆژەکە شێوەی یاسایی خۆی وەرنەگرت، نەهاتە لیژنەی یاسا بۆ پەرلەمان، تا لیژنەی یاسا پێی دا بچێتەوە ودای بڕێژێت، من کۆکم لەگەڵ برای بەڕێزم کاک عەدنان، بەڵام بەراستی ئەگەر بێن سەیری پرۆژەکە بکەین، بۆی هەیە یەک دوو تێبینیم لەسەر هەبێ، بەبۆچوونی من رەنگە تێکەڵاویەک لە نێوان دەسەڵاتی یاسادانان وراپەڕاندن دا کرابێ، ئەو وەختەش دەبێتە تێکەڵکردنی دەسەڵاتی یاسادانان وراپەڕاندن، بەڵام ئەوەی کاک عبدالخالق ئەڵێ لێم ببورن لەگەڵ بۆ چوونی ئەو دانیم، ئەمە هیچ پێشێلی یەکی دیموکراسی ویاسای تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من یاسایی صرفە، مرۆڤ کە دەیەوێ شتێک بەشێوەیەکی یاسایی دابڕێژێ پێویستە مبدئێک لە پرنسیبی یاسایی لە بەر چاو بێ، بەشداری کردنی چەند ئەندامێک لە مەکتەب سیاسییەک، ئەمە گەڕانەوەیە بۆ حکومی سەردەمی بەرەی نیشتمانیی و ئەم یاسایە بە هەموو شتێک دەچێ تەنیا بە یاسا ناچێت، سوپاس.

**بەڕێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاکەرەش بەناوی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاساوە قسەی کرد، منیش پرسیار دەکەم رۆڵی بەرە لەو حاڵەدا چییە؟ بەنیسبەت منەوە ئەم یاسایەمان بەسەردا دابەش نەکراوە، ئەم خاڵە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز ئەیاد حاجی نامق مەجید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی زۆربەی ئەو قسانەی کە دەمویست بیکەم کران، بەڵام من لێرەدا هەندێ بابەت هەیە بەبیری بەڕێزتان دێنمەوە، ئێمە لە یاسای دەسەڵاتی دادوەریدا پرۆژەی وەزارەتی داد هات باسی ئەوەی کرد کە ئەگەر هات و وەزیری داد دادوەر بوو دەتوانێ ببێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی قەزا، بەڵام بە تێکڕا ئەو مەسەلەیە رەفز کرا، چونکە لە بەر ئەوە تێکەڵاویەک هەبوو لە نێوان سەرۆکی دەسەڵاتی راپەڕاندن ودەسەڵاتی دادوەریدا. باشە ئێمە لێرەدا دێینەوە لەو پرۆژەیەدا بەدەستی خۆمان تێکەڵاویەک دروست دەکەین لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان وراپەڕاندندا، ئەوە ئاشکرایە دەستەی سەرۆکایەتی یاخود سەرۆکایەتی هەرێم، یاخود سەرکردایەتی هەر وڵاتێک اعتبار دەکرێ بە بەرزترین دەسەڵاتی راپەڕاندن لەو وڵاتەدا، یاخود لەو هەرێمەدا، من پێم وایە ئەو دەستەیەی سەرۆکایەتی پێکهاتەکەی هەر چۆن بێ، بەڵام نابێ سەرۆک پەرلەمان بچێتە ناو ستافی ئەو دەستەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.عیزەدین مستەفا رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکەم جارە من لە دەروونەوە بەرامبەر کێشەیەک ئەوەستم لە نێوان شێوازی سیاسی وشێوازی وشەی پاکی کوردیدا، ووشە پاکەکە هەمیشە بەریگەی یەکگرتن ویەکێتی دا رۆیشت، لە بەر ئەوە ناتوانم تەنیا لەوەدا لەگەڵ برام عبدالخالق زەنگەنەدا جیا بین لەگەڵ «نەئە» کەدا، ناتوانم لەگەڵ «نەء» دابم بۆ هەر هەنگاوێک کە بەرێگەی یەکێتی دا بڕوا. ساڵی ١٩٨٨ بەیاننامەی دروست بوونی بەرەی کوردستانی دەرچوو، تێکۆشەرێکی کۆن لە بەغدا پرسی، جا بەراستیانە؟ ووتم بەراستیش نەبێ یەک بن باشترە لەوەی بەراستی یەکتری بکوژن، تا دوێنی بەراستی یەکتریان ئەکوشت، ئەمڕۆ بە هەر شتێک بێ یەکن، لە بەر ئەوە هەر هەنگاوێک کە بەرێگەی یەکگرتندا بێ زۆر چاکترە لە هەنگاوێک کە بەرێگەی دوو بەرەکیدا بێ، بەڵام ئەنجامەکە من وائەزانم ئەگەر هەردوو رابەرەکەی بی یا هەر کەسی تریان خۆرا بێتە سەر وەکو یەکە، چونکە دەنگەکان بەرامبەریەکن، من هیوام ئەوە بوو کە هیچ نەبێ کەسێک، یاسێ کەسی کەی بێ لایەن یا لە حزبە سیاسیەکانی تری نیشتمان پەروەرەکانمان یا لە کەسایەتی گەورەی کوردمان لە دەرەوەی ئەو دوو حزبە، تیا بوونایە وابزانم کارەکە چاکتر دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز كـــــەمـــــــال جـــــەلال غـــــەریب:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

تێبینییەكەی من زۆر ئاسانە، پەیوەندی بە لانی زمانەوانییەوە هەیە، لە بەر ئەوەی ئەوە یاسایێكی زۆرگرنگە، تكا دەكەم لە لانی ڕێزمانەوە چاوێكی پیابخشێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســـیـــروان مـــحـــمـــەد نەورۆلی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

من بەش بە حەلی خۆم پشتگیری ئەو كۆمیتەیە دەكەم، بەلام بە مەرجێك ئەوانەی مەكتەبی سیاسی نەیەنە ناوەوە وداوا كارم ئەوەیە ئەو دلخوشیە كەوا بە نەتەوەكەمان دراوە. ئیتر جارێكی تر نەتەوەكەمان وەكو گیسكی هەیاسی خاسی لێ نەكرێ، تا سەرێ وپێشنیاریش دەكەم بۆی هەیە تا سەر نەبێ، بۆ ئەو مەسەلەیە خۆمان ئامادەكەین كە خوانەخواستە ئەگەر ئەم كیشەیە تێك چوو وهەر یەكە بەرەو لایەنەكەی خۆی، تەواو وەكو جاران كە رووی داوە ئامارێكی ڕێك وپێك بكرێ، خۆ ئامادە بكرێ بۆ هەلبژاردنێكی ڕێك وپێك، ئەوەی كە زۆربەی دەنگی هێنا حكومەت دروست بكات، بە مەرجێك ئەوەی كە مایەوە پەیمان بدا بە نەتەوەكەمان كە هیچ سەری لێ تێك نەداو گیروگرفتی بۆ دروست نەكات، بۆ ئەوەی خەلكەكە دلنیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز فــــــرەنـــــــــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

ئێمە ئەبێ كەمێك واقعی بین لیستی سەوزو لیستی زەرد هەریەكی (١٠٠) نوێنەری هەبوو بۆ ئەم پەرلەمانە لە ناو ئەو (١٠٠) ئەندامانەی هەردوو لیستەوە مەكتەبی سیاسی هەردوو حزب ئێمەی هەلبژاردووە ئێمەی ناردووە بۆ ئێرە ئەوە یەك، دوو، تەنیا پالیوراوانی ئەو دوو حزبە مابوون بۆ پركردنەوەی شوێنی ئەم دەستەیەی كە ئێستا پێك دێ، ئەوان خۆیان بەبەرژەوەندی دەزانن داوا بكەن بە تەنیا پری بكەنەوە یان چەند هەڤالێكی تر چەند برادەرێكی تر لەگەلیان دا كار بكەن. ئەگەر گرفتەكە ناو هێنانی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی هەر دوو لایە من وبرام كاك كەمال ئامادەین هەر ئێستا ناوی هەر دوو ئەندامانی مەكتەبی سیاسی خۆمان بدەین. سێ یەم كاك عەبدولخالق دەلێ: دەستووری نییە، جارێ ئەوە حەق نییە بووتری، چونكە ئێمە جارێ دەستورمان نییە، ئەوە یاساییە، دەیكەینە قانون، كە كردمانە یاسا دەقی خۆی دەگرێ هەندێ برادەر دەلێن تێكەلكردنی دەسەلاتەكانە، من ئەوە بە تێكەلاوكردنی دەسەلاتەكانیش نازانم،

سەرۆکی پەرلەمان کە لە ناو دەستەکەدایە وەکو ئەندامێکی دەستەکە ئیش دەکات، دەسەلات ئێمەین، سوپاس.

**بەڕێز د.کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کەدەرچوو بوو لە ٥٠ ٪ زۆرتریان نەهێنابوو، لە بەر ئەوە بۆ شاییەک هەبوو ئەبوایە ئەو بۆشاییە پر بکرابایەوە. زۆر ڕێگا هەبوو بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە ولە سەر ئەوە زۆر لێکۆڵینەوەو باس وگفتوگۆ کراوە لە نێوان هەر دوو مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان وپارتی دیموکراتی کوردستاندا، ئەو لێکۆڵینەوەو وتووێژەو ئەبێ لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کرابێ وکۆتایی هاتبێ، بەڵکو ئەتوانم بڵێم هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنی پەرلەمانەوە ئەو وتووێژە بەردەوامە، واتە سالۆنیوێکی زیاتر پێ چووە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژ لە کۆبوونەوەکانی ئەم هەفتەی رابووردوو دا وەکو لێرە کە سەرۆکی فراکسیۆنی کەسکم، هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستانم ولە وکۆبوونەوانە ئامادە بووم کە باسی ئەم یاسایەکرا، ئێمە پاش ئەوەی هەموو لایەنەکانمان بەرەو ئەو ئەنجامەی ئێستا چووین ئێمە هەر لە سەرەتاوە لەو بیرو باوەڕەدا بوین کە ئەم یاسایەی ئێستا دای دەنێین وباسی دەکەین، مانای ئەوە نییە کە کەم وکوری تێدا نییە، مانای وا نییە کە هیچ خەوشی نییە، مانای ئەوە نییە کەوا هەمیشەی یە، ئەمە چارەسەرێکە دۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە پربکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

براینە ئەگەر تەماشا بکەین لە پاش هەڵبژاردنی رابەر، کە هیچ یەکێ لەو بەرێزانە دەنگی پێویستیان وەرنەگرت بۆ ئەوەی ببن بەرابەر لە بەر بارودۆخی کوردستان ئەم هەڵبژاردنە دواخرا وەکو برامان د. کەمال وتی بۆشاییەکی دەسەلات دروست بوو لە ناو هەرێمدا کێ بە کاری یاسایی ژمارە (٢) هەلبستێ؟ بە داخەوە ئەو گفتوگۆیانەی کران وئەکران ناکۆکیەکی خستبووە ناوەوە کە هەموو ناکۆیەک بەراستی لە بەرژەوەندی کوردستاندا نییە بەپێچەوانەوە کە هەموو تەباییەک لە بەرژەندی میللەتەکەمانە، ئنجا لەو ڕووەوە بەو ئەنجامە گەیشتین لەلایەن هەردوو هێزی سەرەکی یەوە، وابزانم شتێکی زۆر پیرۆز وروحی تەبایی پتەو ئەکات لەنێوان هێزەکانی میللەتدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم ئەو برادەرانەی کە ناوی خۆیان نووسی بوو هەموو قسەی خۆیان کرد، ئێستاش

مۆڵەت بدەن من تێبینییەکم هەیە. لەراستیدا ئەوە زۆر قسەی لەسەر کراوە بەتایبەتی لە نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسیدا، هەر لە سەرەتای ئەم ئەزموونەشەوەو پێشنیارێ هەبوو لە هەر دوو مەکتەبی سیاسییەوە کە هەردوو ئەو بەڕێزانە کە زۆربەی دەنگیان هێناوە، ئەوان بەو ئەرکە هەڵسن، زۆری لەسەر ڕۆیشتین، هەر دوو لایەن زۆر هەوڵماندا، بەڵام ئەو شێوەیە پەسند نەبوو، دوایی را هەبوو کە بکرێ بە چوار کەس، هەتا بۆ ئەوەش ڕەشنووسی پرۆژیەک ئامادە بوو لە نێوان هەردوو مەکتەبی سیاسیدا، پاش گفتوگۆکردنی ئەو بابەتەو بەتایبەتی لە ماوەی ئەو دوو سێ مانگەی دواییدا قەناعەت بەم پرۆژەیە هات کە ئێستا ئێوە دەی بینن وئەمەش لەراستیدا ئەگەر مرۆڤ تۆزێ بەمەوزوعیەوە تەماشای بکات تێکەڵاوکردنی رای هەردوو گروپی نێو پەرلەمانە لە نێوان دوو پرۆژەی ئامادەکراودا، کە من بەش بە حالی خۆم زۆر لە سەر ئەم بابەتە قسەم کردووە، وابزانم هەر دوو مەکتەبی سیاسی وبرادەرانیش ئاگاداری ئەو بابەتەن، مەزەندە دەکەم هەرچی بێ، یەک بابەتی گرنگ هەیە، ئەویش ئەم سەرکردایەتیە هاوبەشەیە، ئەم دەستەیە بۆ جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە «٢»ەوەو لە پرۆژەکەدا ئەمە روونە، یاسای ژمارە «٢»یش خاڵەکانی روونن وئەو دەسەڵاتەشی کە تیایەتی روونە ودیارە رەوشی میللەتی ئێمە لەم قۆناغەدا وا دەخوازی کە ئەم دەستەی سەرۆکایەتییە هەبێت.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا مادە بە مادە گفتوگۆی لە سەر دەکەین ودەنگی لە سەر ئەدەین، ونەک بڵێین بە خێرایی، بەڵام هەرچی گفتوگۆ هەبوو کرا، لە بەر ئەوە تەنها دەنگی لەسەر ئەدەین، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة/١ استثناء من احكام القانون رقم ٢ لسنة ١٩٩٢ تشكل هيئة تسمى هيئة (رئاسة اقليم كوردستان العراق) تمارس الصلاحيات والمهام الواردة في القانون المذكور اعلاه لحين استكمال المرحلة الثانية من انتخاب قائد الحركة التحررية الكردية.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم مادەیە وەکو خۆی بێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة/٢ تتكون الهيئة الواردة ذكرها في المادة الاولى من هذا القانون من المرشحين اللذين

حازا على اكثرية اصوات المقترعين في الانتخابات التي اجريت وفق القانون رقم ٢ لسنة ١٩٩٢ بتاريخ ١٩٩٢/٥/١٩ ورئيسي المجلس الوطني لكردستان العراق ومجلس وزراء اقليم كوردستان العراق وعضوين من المكتب السياسي لكل من الحزبين المنتمي اليهما المرشحين.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەو مادەیە وەکو خۆی بێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الثالثة: تتخذ القرارات بالاجماع وتصدر بتوقيع المرشحين الوارد ذكرهما في المادة الثانية من هذا القانون وفي حالة غياب احدهما خارج الاقليم يكتفى بتوقيع الحاضر منهما، ولا اثر لغيابه على نصاب اجتماع الهيئة.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الرابعة: في حالة غياب المرشحين معا خارج الاقليم تتخذ القرارات باتفاق اعضاء الهيئة المتبقين و بتوقيع رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق ومجلس وزراء اقليم كوردستان العراق.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة الخامسة: (يتولي المجلس الوطني لكوردستان العراق بقرار

١- تسمية المرشحين الوارد ذكرهما في المادة الثانية من هذا القانون على ضوء نتائج انتخابات يوم ١٩٩٢/٥/١٩.

٢- تسمية اعضاء المكتبين السياسيين المرشحين لعضوية الهيئة بعد ترشيحهم من قبل قيادة الحزبين المنتميين لهما.

٣- تكليف اعضاء الهيئة بمهامهم بموجب هذا القانون والقانون رقم/٢ لسنة ١٩٩٢.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة السادسة: يؤدي اعضاء الهيئة اليمين القانونية بموجب المادة/٩ من القانون رقم/ ٢ لسنة

١٩٩٢ امام المجلس الوطني لكوردستان العراق قبل ممارستهم المهام والصلاحيات المناطة بهم.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة/٧ تعتبر جميع القرارات والاجراءات الصادرة بموجب الصلاحيات الواردة في هذا القانون رقم ٢ لسنة ١٩٩٢ حتى صدور هذا القانون شرعية ونافذة.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

مادە/٧، کێ لەگەڵە..؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة/٨ لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

مادە/٨ ،کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

المادة/٩ ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا/ جێگری سەرۆک:**

مادە/٩، کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە.

بەمە کێ لەگەڵ ئەوەیە کە هەموو یاسایەکە وەکو خوێندرایەوە پەسەند بکرێ؟ کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، بەمە «قانونی دەستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان» لەلایەن پەرلەمانەوە ئەمڕۆ ڕەزامەندی لەسەرکرا هیواداریین ببێ بەسەرەتایەک بۆ پتەو کردنی گیانی تەبایی وهاوکاری لە نێوان ئەو دوو هێزە سەرەکیەی کە ئێستا حالی حازر حوکمڕانی کوردستان دەکەن وزۆربەی پەرلەمانی لێ پێک هاتووە، هیواداریین کە ئەم شتانە تەنها نووسین نەبێ، هەنگاوی بەکردەوەی بۆ بنرێ، چونکە بەراستی گەلەکەمان چاوەڕوانی تەبایی وئەو هاوکاریەیە زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.کـمـال عـەبدولـکەریم مـحـەمـەد فـوئاد:**

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بۆ ئەوەی لە مەولا لەگەڵ بوونەکەو، دژبوونەکەی کاک عبدالخالق بەهێزتر بێ پێشنیاز دەکەم جاری داهاتوو لە سەر کورسییەکە رابوەستێ، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

بەم شێوەیە کۆتایی بە دانیشتنی ئەمرۆشمان دێنین، سوپاس بۆ هەموو لایەک.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**